www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 21:01 13-2-2007

رۆژنامەی
خوێندنی لیبراڵ
رۆژنامەیەكی ئەهلییە كۆمەڵێك قوتابی و گەنجی سەربەخۆ دوو هەفتە جارێك دەریدەكەن
بابەت: یاداشتنامە
بەڕێزان

پەیامنێرێكی رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ بەبڕیارێكی راگرایەتی پەیمانگای تەكنیكی كەلار بەبێ لێكۆڵینەوە بۆ ماوە (25) رۆژ فەسڵ دەكرێت، بەبێ ئەوەی لەبڕیارەكەدا هیچ هۆكارێك بۆ فەسڵ كردنەكە دەست نیشان كرابێت.

رابەر كەریم سەعید پەیامنێری رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ و خوێندكاری قۆناغی دووەم لەپەیمانگای تەكنیكی كەلار بەهۆی ئەنجامدانی چەند كارێكی رۆژنامەنووسی بەتایبەت لەكاتی مانگرتنی مامۆستایانی كەلارو چەند كێشەو گرفتێكی پەیمانگا بەبێ لێكۆڵینەوە بڕیاری فەسڵ كردنی دەدرێت.

ئێمە لەرۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ رایدەگەیەنین كەئەو بابەت و هەواڵانەی بڵاومان كردۆتەوە بەكاسێتی دەنگی و بەنوسراوو بەڵگەنامە لامانەو دەكرێت لەرێگەیەكی یاساییەوە مامەڵە لەگەڵ پەیامنێرو رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵدا بكرێت، نەك بەبڕیاری تاكەكەسیانەو تاكڕەوانە بڕیار لەسەر یەك ساڵی خوێندنی خوێندكارێك بدرێت و مافی خوێندنی لێبستێنرێتەوە.

بۆیەداواكارین:

1. ئەو بڕیارەی كەپەیمانگا دەریكردووە هەڵبوەشێنرێتەوە.
2. لیژنەیەكی دادوەرانە بۆ لێكۆڵینەوە پێكبهێنرێت.
3. ئەوتاقیكردنەوانەی پەیامنێری خوێندنی لیبراڵ كەبەهۆی ئەم فەسڵ كردنەوە لەدەستی چووە، بتوانێت تاقیكردنەوە بداتەوە.
4. بۆیە پێشنیار دەكەین كەلیژنەكە ئەم لایەنانەی تێدا بێت:
5. نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.
6. نوێنەری سەرۆكایەتی دەستەی خوێندنی تەكنیكی.
7. نوێنەری رێكخراوە مەدەنییەكانی كوردستان.
8. نوێنەری پەیمانگای تەكنیكی كەلار.
9. نوێنەری سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان.
10. نوێنەری رۆژنامەی خوێندنی لیبراڵ.
11. نوێنەری لیژنەی داكۆكیكردن لەمافی رۆژنامەنووسان.

هیوادارین بەزووترین كات بەدەم كێشەكەوە بێن
بۆ ئەوەی ساڵێكی خوێندنی خوێندكارێك نەفەوتێت

رۆژنامەی
خوێندنی لیبراڵ
2007/2/13

وێنەیەك بۆ:

1. وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.
2. سەرۆكایەتی دەستەی خوێندنی تەكنیكی.
3. رێكخراوە مەدەنییەكان لەكوردستان.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

4. پەیمانگای تەكنیكی كەلار.
5. سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان.
6. لیژنەی داكۆكیكردن لەمافی رۆژنامەنووسان
7. رێكخراوی مافی مرۆڤ لای یۆنانی
8. ئەرشیف.

ناونیشان: سلێمانی ـ بەریدەكە ـ بینای مستەفا سۆفی كەریم
هەولێر ـ فولكەی كۆتری ئاشتی ـ تەنیشت كۆمپانیای نێكست
مۆبایل: ئاسیا: 07701471225 سانا: 07301180998 كۆرەك: 07504452504

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.